

دانـــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی چواردەم

ئەگەر هەموو عاشقەکان بیان زانیایە کەی یەکەم هەنگاوی هەڵە ئەنێن وا زی یان لەو هەنگاوە ئەهێنا هەرگیز نەیان ئەنا ئەوسا زۆر شت ئەگۆڕا بەڵام ئێستا ئەخیر سات دۆڕا لە یەکەم هەنگاوا ئیتر هەنگاوەکان بۆ کوێمان ئەبەن نازانم ..زەمەن چەندە بێ ڕەحم ئەبێت من نازانم ..عەشق تا چەند بەهای خۆی لە دەست ئەیات ئەمەش نازانم!..ئەگەر خۆر بیزانیایە شەوە زەنگ ێت هەرگیز ئاوا نەئەبوو بەڵام ئەڵێن ئەبێت شەو بێت هاتنی شەو سروشتی یە ئاخر نازانم ئەو هەستانەی نغرۆ ئەبن لە ئافاتەکانی شەوا تا چەند ڕاستن ..ئەو هەستانەی ئەفڕن بەرەو لوتکە چی ناو ئەنێن !..تاریکی شەو هەموو شتەکان ون ئەکات ..تاریکی دڵ هەستەکان پارچە پارچە ئەکات عاشقەکان لە ناو ئەبات !..بێ دەنگی ترپەکان سامێکی بێ وێنە دروست ئەکات ..بێ دەنگی شەوەکانی بێ تۆیی بروسکە ئاسا دەرون ئەهەژێنێت ..

ئەی خەیاڵە برۆنزی یەکە ئەبێت ئەمە مانای ئەوە بێت کە ئێستاو داهاتوومان ژەهراوی کردبێت ..ئەبێت ئێمە درۆ بین وەکو وەهمی ژیان ..ئەبێت تەنها پاڵەوانی ڕۆمانێکی تراجیدیا بین و پڕبین لە نەسیم و نەشئەی سەمای سێبەرێکی بێ ناونیشان ..!

ئەترسم ساڵەکان تێپەڕ بن و تۆ هەر بەشێك بیت لە عالەمە خەیاڵی یەکەی من بەرزتر لە باڵای ئەفکارەکانم زۆر بە سادەیی بێیت و بچیت خۆ وتم هیچ شتێك مەحاڵ نی یە هیچ مەحالێکیش ئاوا سادە نی یە تەنانەت چرپەکانی هەستی تۆ لە خەونی شەوێکی یەڵدا ..

سەیرە هاوڕێ لە لەحزەیەکا هەموو شتە ئاسایی یەکان ئەبن بە نا ئاسایی هەر هێندەی دەرکەوتنی تیشکێك و ون بوونی ..لە ساتێکا لە دەرەوەی شوێن و کات هەموو کەون تەنها فرمێسکێك ئەبێت ..بە تەنهاو بەس!..عەشقیش تەنها وشەیەك ..وشەیەکی بەجێماو لەسەر پەڕەیەکی دڕاو بە بێ ڕۆح بەبێ سۆزو هەست ..ببورە لەم سەر زەوی یە وشەیەك نی یە بە ناوی مرۆڤ و عەشق چاوەڕێ ی ئەو موعجیزەیە مەبن ئیتر دراماکان کۆتاییان ێت خەتی نێوان سپی و ڕەش دەر ئەکەوێت ..

ئێستاش هاوڕێ من کلیلی دەرگای زەمەن بۆ تۆ بە جێ ئەهێڵم لەوانەیە ئەوە بدۆزیتەوە کە بە دوایا ئەگەڕێیت ئیتر لێرەوە هەموو وشەیەك بە هەناسەیەك دەست پێ ئەکات هەموو هەناسەیەکیش بە وشەیەك کۆتایی دێت ...